

# جەستە لە نێوان تێڕامان و چێژدا

## ئیرۆتیکییەت لە چیرۆکی
## دوو چاو.. و .. پەیکەرێك.. و ... دوو دەست-دا

**ئاوات محەمەد**

یەکێک لەو جۆرە ئەدەبانەی کە خاوەنی گرنگیی تایبەتی خۆیەتی، بریتییە لە ئەدەبی ئیرۆتیکی، کە لەناو ئەدەبی کوردیدا تا ئەندازەیەکی زۆر فەرامۆش کراوە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەدەبێتە باس لە مەسەلە نەوتراوەکان و تابۆکان دەکات، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەرەو رووی دەبینەوە، جۆرێکە لە ئەدەبی ئیرۆتیکییەت و لەلایەن مێینەیەکەوە نووسراوە، کە هەموو ئەو حاڵەتە سێکسییانەی لە ژیانی واقعدا ڕوودەدەن ئەو لە چیرۆکدا بۆمان دەگێڕێتەوە. جارێکی تر لەسەر چیرۆکەکانی سەبا هەندێک رستەی کورتم نووسی، ئەمجارەش هەوڵدەدەم هەندێک لێکدانەوە بۆ ئەم چیرۆکە بکەم، کە پاش خوێندنەوەی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ناونیشان، هەروەها لەم چیرۆکەدا لە بەردەم لێکدانەوەیەکی فەلسەفییانەدا خۆمان دەبینینەوە، ئایا چێژ و لەزەت چییە، ئایا سێکس و ئیرۆتیکییەت چین، ئایا دەکرێت ئێمە

جوانی و نەمری لە ئەندێشەدا وێنە بکەین یان لە واقعدا مومارەسەی بکەین، ئایا ئەو حاڵانە چین ئێمە دەکاتە دڕندە یان نەرمونیان، زۆر پرسیار هەن لەم چیرۆکەدا پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە، بەڵام با سەرەتا لەوێوە دەست پێبکەین و بزانین مەبەستمان لە ئەدەبی ئیرۆتیکی یان خودی ئیرۆتیکا چییە؟.

هەندێک وا پێناسەی دەکەن کە گێڕانەوەیەکی شەهرەزادانەیە لەناو ژوورەکانی نووستندا، بەڵام بیرکردنەوە تەقلیدییەکان وەک مەسەلەیەکی قێزەون تەماشای دەکەن و وەک گوناهێک یان تاوانێک لێی دەڕوانن، نووسینێک بێت غەریزە بروژێنێت و باس لە دەسپەڕو کاری سێکسیی ئابڕووبەرانە و مومارەسەی سێکسیی بێپەردە و بڵاوکردنەوەی زینا و هەتیوبازی، بەڵام هەندێک وەک ئەدەبێکی بەرز وێنای دەکەن، راستە بابەتەکانی بریتییە لە ئەدەبێکی پۆخڵ، بەڵام ئەدەبێکی بەرزە و پەیوەستە بە ژیانی هاوچەرخەوە، کە نهێنییەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەچن، کە سەرەتای ئەم ئەدەبە بۆ دێر زەمان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە ئەدەبی گریکی و عەرەبیدا، ئیرۆس لەناو ئەفسانەی گریکیدا خوای غەریزە و سێکس و چێژ بووە، هەروەها لەناو ئەدەبی عەرەبیدا نمونە زۆرن، بەڵام ئەدەبی کوردی بە حوکمی ئەوەی ئەدەبێکی نوێیە، ئاسان نییە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم ئەدەبە، مەگەر لەناو دەقە فۆلکلۆرییەکاندا هەندێک ئاماژەی ئەم ئەدەبەمان دەستبکەوێت، بۆ دەبێت ئیرۆتیک نهێنی بێت و نەتوانێت خۆی ئاشکرا بکات، وەک ئەریک فرۆم باسی دەکات، گومانی تێدا نییە لەنێوان ژیانی گەرمی سێکسی و مەعریفەدا نهێنییەک هەیە، مەعریفە لای مرۆڤ بریتییە لە دۆزینەوەی ژیانی سێکسی، بەڵام ئەم دۆزینەوە بێباجدان نەبووە، لەبەرئەوە خەتا یان گوناه بریتییە لە دۆزینەوەی مەعریفە، هەروەها سزا و ئەشکەنجە بریتییە لە نرخی ئەو خەتا برۆمیتیوسە.

کە ئیرۆسییەت فەلسەفەیەکە قسە لەسەر جەستەی ژن دەکات و پیرۆزی دەکات (ئەمە بە زەقی لە چیرۆکەکەی سەبادا دیارە)، کە بریتییە لەو سمبوڵەی شادمانیی هەمیشەیی هەڵگرتووە، وەک دوا پەناگەی مرۆڤی هاوچەرخ لە بەرامبەر هیلاکی و خەمی ژیان.

سەرەتا لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە دەست پێبکەین، کە دوو چاومان هەیە بۆ بینین و دوو دەست بۆ تاقیکردنەوەی جەستەکان، کە چاو ئامرازی بینینی ئیستاتیکایە و دەست ئامرازی شێواندنی شتەکان و دروستکردنی دۆخێکی ترە، واتە لە سەرەتاوە تێدەگەین دوو چاوەکە تەنها بۆ بینینی جوانییەکانە و دووبارەکردنەوەی وێنەی دووەمی جوانییە، نەک بەتاڵکردنەوەی جوانی، لەبەرئەوەیە کارەکتەری پەیکەرتاش هەرگیز گەمە بەجەستەکان ناکات، بەڵکو دروستیان دەکاتەوە.

دەکرێت لەسەر دوو ئاست لێکدانەوەی بۆ ئەم چیرۆکە بکەین، ئاستی یەکەم ئیستاتیکای هونەرییە و ئاستی دووەم ئیرۆتیکای جەستەیە، لە یەکەمدا نێرێکمان هەیە لە دەرئەنجامی دۆخێکەوە تەنها لە جەستە ڕادەمێنێت و وەک ئەفرێندراوێکی جوانی تەماشای دەکات، ئەو لە پەیکەرەکاندا کە توانای مومارەسەی ئیرۆتیکییانەی مرۆڤیان نییە، هەموو جوانییەکان کۆدەکاتەوە، وەک ئەوەی ئەم جوانیانە بۆ هەمیشە بمێننەوە، ئەو گرنگی بە دۆخە کاتییەکە

ئیرۆس لەناو ئەفسانەی گریکیدا خوای غەریزە و سێکس و چێژ بووە، هەروەها لەناو ئەدەبی عەرەبیدا نمونە زۆرن، بەڵام ئەدەبی کوردی بە حوکمی ئەوەی ئەدەبێکی نوێیە، ئاسان نییە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم ئەدەبە، مەگەر لەناو دەقە فۆلکلۆرییەکاندا هەندێک ئاماژەی ئەم ئەدەبەمان دەستبکەوێت

# دەق و ڕەخنە

نادات، بەڵکو بەدوای لەزەت و جوانیی ئەبەدیدا دەگەڕێت و دەیەوێت جوانی نەمر بدۆزێتەوە، ڕاستە ئەم هونەر وەک هۆکاری گوزراشت بەکاردەهێنێت، بەڵام ناکرێت ئەو لێکدانەوە فرۆیدییە بەهەند وەرنەگرین، کە چەپاندن یان مەحرومییەت هۆکارێکی داهێنانە، وەک لەچیرۆکەکەدا هاتووە ئەم کەسە ئەندامی نێرنینەی لەژێر ئەشکەنجەدا لەدەستداوە، کە ئەمەش مانای وایە، ئەم مرۆڤە لە چێژە جەستییەکان مەحرومە و ناتوانێت بەو شێوەیەی دەیخوازێت مومارەسەی سێکس بکات، لەبەرئەوە تەنها پەیکەرەکان کۆدەکاتەوە، ئەو لە دەروەی ژیان بەدوای مانای ژیاندا دەگەڕێت، لەو لاشەوە پیاوێک هەیە بە هەموو ماناکانی پیاوانەی خۆرهەڵاتی، شانازی بە پیاوەتیی خۆیەوە دەکات، ژەنەراڵە، بکوژە، ئەمە جگە لەوەی لەزەتبەر و لەزەتبەخشە، کەواتە ئەم پیاوە دەکرێت تەنها بەدوای چرکەیەکدا بگەڕێت کە دواتر تێپەڕێت، لەنێو چاو و دەستدا ژنێک هەیە بەختەوەر لەبەرئەوەی هەم جەستەی هەم ڕۆحی خۆشەویستە، لەلایەن دوو مرۆڤەوە کە هەریەکەیان بەشێوەیەک ئەم دەپەرستێت، کەسی سێهەم گرێکوێرەی ئەم چیرۆکەیە کە ناکرێتەوە، کوڕی ژنەکەیە ئایا کێ باوکییەتی، ئەو پیاوەی تەنها چاوی هەیە، یان ئەو پیاوەی لەزەتی جەستە دەدۆزێتەوە، ئایا ئەم بەرهەمی ئیرۆتیکایە یان ئیستاتیکا، ئەم کوڕە پڕە لە ڕق، لە جەستە و لەهەمان کاتدا بەدوای بەشێک لە جەستەی خۆیدا دەگەڕێت، کەواتە گەڕان بریتییە لەو سیفەتەی مرۆڤ دەتوانێت بوونێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ڕازی بوون بەقەدەر مرۆڤ لە ئەزموون دووردەخاتەوە، وەک چۆن دایکی ئەزموونی چاوی کرد و دواتر ئەزموونی دەستی کرد، ئەوکات لە لەزەتی هەردووکیان تێگەیشت، لێرەوەیە مرۆڤێک هەیە ئەیەوێت جوانییەک بەرهەم بهێنێت بەتەنها بەرهەمی خۆی بێت.

ژنەکە زۆر بە وردی سەرکێشییەکانی ژەنەراڵ دەگێڕێتەوە، بەشێوەیەک هەست دەکەیت لە هەموو سەرکێشییەکاندا بەشداربووە، ئەمە جگە لەوەی زۆر جوان گوزارشت لەو دوو ئەزموونەی خۆی دەکات، ئەوەتا دەڵێت «ڕۆخی منیش هەمیشە لە گەمەی سەیری نێوان ئەم دوو هەستەدا بوو.. ساتێ بەحەز داخ دەبوو دەفڕی بۆ ئاسمان... ساتێکیش بەسۆز هێندە فێنک دەبووەوە بەرەو ئاسمان دەفڕی، هەریەک لەم ئاسمانانە مانایەکیان هەبوو و ئەستەمە تێکەڵکردنیان» کەواتە ئاسان نییە مرۆڤ دەستی بە هەردووکیان بگات، ئەو کەسە بەختەوەرە کە هەردووکیان دەدۆزێتەوە، ئەویش ئەم ژنەیە کە وێنایەکی سەیری جەستەیی و ڕۆحیی هەیە.

ئەوەی لەم چیرۆکەدا جێگەی سەرنجە پەیبردنە بە نهێنیی ئەو هەموو سۆزە و ئەو هەموو وەسفەی جەستە لای مێینەیەک کە وەک وێنایەکی گریمانییەی تەماشای جەستە ناکات، بەڵکو هەست بەوە دەکەیت ئەو جەستانەی پێشتر وەک ئەکلینیکیی خستووتە ژێر پشکنینەوە، ئەگەرنا بەو وردییە باسکردنی هەموو پێکهاتەکان ئاسان نییە، ئەمە جگە لەوەی کە باس لە ئەدەبی مێینە دەکرێت باس لەوە دەکرێت ئەو باشتر دەتوانێت گوزارشت لە مەسەلە خودییەکانی خۆی بکات و لێکدانەوە بۆ شتە شاراوەکانی مێینەیی بکات، بەڵام لەم چیرۆکەدا سەبا جگە لە ڕەگەزەکەی خۆی

# بەگوێرەی ئەدەبی کوردییەوە، کەم جار روودەدات مێینەیەك بەو شێوەیە گوزارشت لە سەرکێشییە سێکسییەکان بکات

پەی بە زۆرێک لەو شتە نەدرکاوانەی بەرامبەرەکەی بەرێت، کە بەرهەمهێنانی دەق لە بنەمادا بریتییە لە ئاشکراکردنی نەوتراوەکان و درکاندنی نەدۆزراوەکان، بەگوێرەی ئەدەبی کوردییەوە، کەم جار روودەدات مێینەیەک بەو شێوەیە گوزارشت لە سەرکێشییە سێکسییەکان بکات، ئەمە جگە لەوەی چەند ئاستێکی تێگەیشتنمان لەمەڕ مەسەلەی خۆشەویستییی بۆ روون بکاتەوە، وەک خۆشەویستی رۆحی و جەستەیی و بەزەییانە و دواتر عەشقکردن لەگەڵ نەمری و مردن، کە ئەمە لە هەر کارەکتەرێک بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەگەڵ پەیکەرتاش بەشێوەیەک، لەگەڵ ژەنەراڵ بەشێوەیەک، لەگەڵ کوڕەکە بەشێوەیەک، ئەمە جگە لەوەی ئەم سێ کەسە هەریەکەیان لە ئاستێکدا ئەم ژنەیان خۆش دەوێت.

ناکرێت ئەوەمان بیربچێت مرۆڤ کە لەدایک دەبێت پاڵنەرێکی گەورەی هەیە بۆ پرسیارکردن، کە هەندێکجار ئەم پرسیارانە بوونگەرین و هەندێکجار پەیوەستن بە مەرجەکانی ژیانی رۆژانەوە، پرسیارەکانی ئەم چیرۆکە لەنێوان حەرام و تابۆدا ناسوڕێنەوە، لەوەدایە ئایا مرۆڤ تا چ ئاستێک دەتوانێت جڵەو بۆ بیرکردنەوە و تێرمان و مومارەسە شل بکات، ئایا دەکرێت لەهەمان کاتدا سۆفی بێت و هەر لەو کاتەشدا مرۆییەکی دنیایی تەواو بێت، ئایا دەکرێت تەنها بەخەیاڵ شتەکان لێکبداتەوە، یان بەرجەستەبوونی ئەو ئەندێشەیە دەتوانن غرورەکانی مرۆڤ تێر بکەن؟.

ئەگەر لێکدانەوەیەکی بوونگەریانە بۆ ئەو چوار کارەکتەرەی ناو چیرۆکەکە بکەین، دەبینین، ژنەکە هەموو پێکهاتە رۆحی و جەستەیی و سۆزییەکان لەناو خۆیدا کۆدەکاتەوە، بەڵام ژەنەراڵ مرۆڤە بەهەموو رەهەندەکانی مرۆڤەوە، دڕندەیە، ورووژێنەرە، ستەمکارە، لە ئەزموونەکانیدا فرەییە، واتە رۆحی بۆ یەکێک نییە، بەڵکو بۆ هەمووانە، ئەگەرچی هونەرمەندەکەش هەر وایە، بەڵام ئەو لەسەر ئاستێکی تر، ئەوەتا ئەو حەزدەکات پەیکەری هەموو جەستە مێینە جوانەکان بکات، تا بۆ هەمیشە بمێننەوە، لای ئەم جەستە وێستگە نییە، بەڵکو جەستە تیانەیە و بۆ هەمیشە جوانی تێدا دانراوە، ئەم کە جگە لەوەی خولیای دەستلێدانی تەنها لە قوڕ هەیە، نەک لە جەستەی گۆشتن، کە ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ درووستکراوی یەکەم، کە بەپێی هەموو لێکدانەوە ئەفسانەیی و ئاینییەکان مرۆڤ لە جۆرێک لە گڵ و قوڕی تایبەت درووست کراوە، واتە مادەی یەکەم و سەرەتایی بریتییە لەو مادەیەی کە هونەرمەند کاری پێدەکات، واتە ئەو بە رۆح سێکس لەگەڵ مادەی یەکەم دەکات، نەک لەگەڵ خولقێنراو، هەر لێرەوەیە رۆحی ئەفرینەرانەی ئەم کەسە لە سەلیقەی هونەرەکەیدا دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەک پەیکەر درووست دەکات، کە تەنها نەفخی ماوە بۆ ئەوەی ببن بە خولقێنراوێکی زیندوو.

کەواتە ئەم دەقە لەسەر چوار ئاست و لەسەر بنەمای چوار گێڕانەوە پێکهاتووە، گێڕانەوەی کوڕەکە کە لە سەرەتاوە باس لە ناپاکی دەکات و دووەم گێڕانەوە ژنەکە کە باس لەو پاڵنەرانە دەکات کە کوڕەکەی بە ناپاکی ناوی بردووە، گێڕانەوەی پەیکەرتاش کە دەیەوێت شاراوەکەی خۆی لە رێگەی پێدانی ماچێکەوە بشارێتەوە، دواتر ژەنەراڵ کە سەرکێشییەکانی دەگێڕێتەوە، کە هەر یەکێک

ئەوەی لەم چیرۆکەدا جێگەی سەرنجە پەیبردنە بە نهێنیی ئەو هەموو سۆزە و ئەو هەموو وەسفەی جەستە لای مێینەیەک کە وەک وێنایەکی گریمانییەی تەماشای جەستە ناکات، بەڵکو هەست بەوە دەکەیت ئەو جەستانەی پێشتر وەک ئەکلینیکیی خستووتە ژێر پشکنینەوە، ئەگەرنا بەو وردییە باسکردنی هەموو پێکهاتەکان ئاسان نییە

# دەق و رەخنە

لەمانە نهێنییەکی هەیە، نایانەوێت ئاشکرا بێت، ژنەکە ئەوەی لەیەک کاتدا دوو پەیوەندیی هەیە، یەکێک سۆز و یەکێک جەستە، هونەرمەندەکە بەپێی ئەو درۆیەی کە ژنەکە وەک پاکانەیەک بۆ ئەو کارەی خۆی دەیکات، وا وێنای هونەرمەندەکە دەکات وەک ئەوەی توانای سێکسیی لەدەستدابێت، کوڕێک لە باوکی دڵنیا نییە، کە بەپێی لێکدانەوەی فرۆید کوڕی بێباوک مرۆڤێکی ونە لەناو دەسەڵات و ئازادیدا، ئەمە جگە لەوەی هەست دەکات ئەسڵێکی ونی هەیە، هەروەها ژەنەراڵ کە دەزانێت نەوەیەکی خستووەتەوە و نایەوێت دانیپێدا بنێت، لەبەرئەوەی ئەم کوڕە بەرهەمی سەرکێشییە، نەک پەیوەندییەکی دامەزراوەیی.

ئەوەی ماوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو خۆکوشتنە جوانە هونەرمەندانەیە کە پەیکەرتاش کۆتایی بە چیرۆکی خۆی دەهێنێت و چیرۆکی ئەوانی تریش تەواو دەکات، ئەوەی جێگەی سەرنجە خۆکوشتن لەم چیرۆکەدا لە خۆکوشتنی ئاسای ناچێت، خۆکوشتنی هونەرمەندێکە کە زۆر بە هێمنی و لە کەشێکی ئارامدا بڕیار دەدات ئەو رووناکییە بکوژێنێتەوە کە خەریکە جوانترین جەستە لەبەرچاوی بەرەو پوکانەوە دەچێت، کە پێشتر وەک بەشێک لە نەمری و مانەوەی هەمیشەیی تەماشای کردووە، کاتێک دەگاتە ئەو بڕوایەی کە چیدی ئەو جوانییە وەک خۆی نامێنێتەوە، ئیدی ئەم ناتوانێت بەرگەی ئەو ئازارە بگرێت، کە تاکە سەرچاوەی ئەندێشە و تێرامانی لەدەست دەربچێت، ئایا خۆکوشتن رزگاربوونە لە ژیان، یان کۆتاییهێنانە بە ژیانێک هەست بکەیت کۆتایی هاتووە؟ ئایا ژیانیش چیرۆکێک نییە خاوەنەکەی کۆتاییەکەی بەدەستی خۆی بنووسێتە و چارەنووس لای خۆی بێت نەک لە دەرەوەی خۆی، ئایا چارەنووس چییە؟ مردن چییە؟ ئایا پێدراون یان ئیرادە، ئایا لە دەرەوەی مرۆڤن یان مرۆڤ خۆی دەتوانێت کۆنترۆڵیان بکات؟ ئایا بەشێکن لە ئێمە یان سەپێنراون بەسەر ئێمەدا، بوونی ئێمە وەهمە یان ئێمە هەبوویەکین و ئەمانەوێت رۆڵی خوڵقێنەر بگێڕین، ئەمانە ئەو پرسیارگەلەن کەئەم جۆرە لە خۆکوژی لێمان دەکات، خۆکوژییەک کە مرۆڤ بوون و کەینونەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.



## دووچاو.. و.. پەیکەرێك.. و.. دوو دەست..

**سەبا ئەحمەد**

لە گەورەترین بەخششەکانی خودا بە مرۆڤی بەخشیوە جەستەی ژنە.. بەو هەموو نارێکی و نەسازییەوە هێندە شیرینە، کەس ناتوانێ لە گەڕان بەشوێن جوانی لەو شازیانەدا بێ نیاز بێت.... ئەو دەمەی پەیمانی خۆت داو دوا بە دوای خیانەتی دایکت لە هەموو دڵسۆزییەکانی باوکت، سەری خۆت هەڵگرت و.. بەرەو مەملەکەتێک ڕۆشتی، ئەو مەخلوقە خیانەتکارانەی تێدا نەبێ.. دایکت لای تۆ نمونەی هەموو پاکی و جوانییەک بوو.. ئەو دەمەی کە تۆ بە نهێنیی حەزی ئەوت زانی لەگەڵ پیاوێکی تردا.. چەند بێ دەربەستانە ڕووبەڕووت وەستاو وتی: [ئەگەر ڕاستت دەوێ.. ئەوەی لات بووەتە خیانەتکارو ناشیرینی باوکی ڕاستەقینەی